# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا: چی شتێک بە زۆری دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت؟ فەرموموی: تەقوای خوای گەورە وڕەوشت جوانی، وپرسیاری لێکرا چی شتێک بە زۆری دەبێتە هۆی چوونە دۆزەخ؟ فەرموموی: زمان ودامێن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا: چی شتێک بە زۆری دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت؟ فەرمووی: «تەقوای خوای گەورە وڕەوشت جوانی»، وپرسیاری لێکرا «چی شتێک بە زۆری دەبێتە هۆی چوونە دۆزەخ؟ فەرمووی: «زمان ودامێن».

[ئیسنادەکەی حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

زۆرترین هۆکار کە ببێتە هۆی چوونە بەهەشت بریتیە لە تەقوای خوای گەورە وڕەوشت جوانی، وتەقوای خوای گەورە واتە پارێزکاری ودووربوون لە حەرامکراوەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، وڕەوشت جوانی لە گەڵ خەڵکی وکەمترینی ڕەوشت جوانی بریتی لە ئازار نەدانی هیچ کەسێک نە بە دەست ونە بە زمان، وبەرزترین پلەی ڕەوشت جوانی بریتیە لە چاکەکاری بەرامبەر ئەو کەسەی خراپەی بەرامبەر کردوویت. وزۆرترین هۆکاری چوونە دۆزەخ بریتیە لە زمان ودامێن (عەورەت)؛ چونکە مرۆڤ زۆرجار بەهۆیانەوە تووشی سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە دەبێت وبەهۆیانەوە ئازاری خەڵکی دەدات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5812

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee